# لەچوارچێوەی هەردوو خولی یانەپلەدووەکان و سێ یەکانی کوردستان:

# یانەی پیشەسازی نازناوی خولی تۆپی پێی یانەپلەدووەکان و یانەی بەڕانەتی نازناوی خولی یانەپلە سێیەکانی کوردستان دەبەنەوە



لەچالاکیەکانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سازکردنی پاڵەوانیەتی هەردوو خولی تۆپی پێی یانەپلەدووەکان و یانە پلە سێیەکانی کوردستانە لەم ڕۆژانەی ڕابردوو یارییەکانی هەردوو خولەکە بۆ وەرزی (2008-2009) بەکۆتاهات و لەخولی یانەپلەدووەکان کە(46)یانە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان بەشدارییان تیادا کردبوو، هەردوو یانەی پیشەسازی و شاوێس گەیشتنە یاری کۆتایی...ئەمەو لە یاری کۆتایدا لە یاریگای یانەی بروسک، یانەی پیشەسازی لە یانەی شاوێسی بردەوەو نازناوی ئەم وەرزەی خولی یانەپلەدووەکانی بردەوە، لە کۆتایشدا لەلایەن جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەرکار عەلی خان خەڵات و جام بەسەر یانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

لەلایەکی دیکەوە یارییەکانی خولی تۆپی پێی یانە پلەسێیەکان بە کۆتاهات و لە یاری کۆتایشدا هەردوو یانەی بەڕانەتی و کرێکارانی کەرکوک گەیشتنە یاری کۆتایی، یانەی بەڕانەتیش لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی (2-1) گۆل یارییەکەی لەبەرژەوەندی خۆی بەکۆتاهێناو نازناوی خولی یانەپلە سێیەکانی ئەم وەرزەی دەستەبەرکرد،شایانی باسە لە خولی یانەپلە سێیەکانی ئەم وەرزە(42)یانەی سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان بەشدارییان کرد.

## یانەی کەرکوک نازناوی پاڵەوانی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان دەباتەوە

یانەی کەرکوک نازناوی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستانی وەرزی(2009-2010)ی بردەوە لەدوای ئەوەی لەدوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی ئەم قۆناغە(29)خاڵی کۆکردەوە بە جیاوازی(5)خاڵ نزیکترین رکابەری یانەی پێرس، لەلایەکی دیکەوە یانەی (پێرس)پلەی دووەمی بەکۆکردنەوەی(24)خاڵ بەدەست هێنا، یانەی (بروسک)بە کۆکردنەوەی(22)خاڵ پلەی سێ یەمی لەریزبەنداوەرگرت، یانەی کەرکوک لە یارییەکانی ئەم وەرزە ئاستێکی بەرزی نواندوو لەشەش یاری یەک لەدوای یەک بردنەوەی لەسەریەکی تۆمارکرد. شایانی باسە ڕاهێنەر عەبدوڵڵا مەحمود ئەرکی ڕاهێنانی یانەی کەرکوکی لەم وەرزەدا لەئەستۆدایە.

## لاوانی سەورە لەپێشەنگی یانەکانی خولی لاوانی کورستانن



لەچالاکیەکانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان ئەنجامدانی خولی تۆپی پێی لاوانی کوردستانە بۆ یانە پلەنایابەکان کە تیایدا(14)یانە بەشداری دەکەن.لەدوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی جەولەی حەوتەم لەخولی لاوان...لاوانی یانەی سەورە بەکۆکردنەوەی(19)خاڵ لەپێشەنگی یانەکان خۆیان دەدۆزنەوە، لەدوای ئەوانیش هەریەکە لە یانەکانی هەولێر - کەرکوک - سیروانی نوێ- هەندرێن یەک لەدوایەک دێن. شایانی باسە یارییەکانی خولی لاوان بەیەک قۆناغ بەڕێوەدەچێت شان بە شانی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی پێشکەوتووان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com